## شیعر بۆ مناڵان

# گوڵ و هەنگ و پەپوولە



ڕەئووف جەمیل

ناوی کتێب: گوڵ و هەنگ و پەپوولە
نووسینی: ڕەئووف جەمیل
بابەت: شیعر بۆ مناڵان
پیتچنین و دیزاینی بەرگ و ناوەوە : شیروان عیزەت محەمەد ساڵح
وێنەکان - بەرگ و ناوەوە: نەجات عەبدوڵڵا
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپخانە :
ژمارەی سپاردن : (١٦٢٠) ساڵی ٢٠١٩
چاپی دووەم



پێشکەشە بە:

-بەهەردوو جگەرگۆشەکەم (جوانی و رۆزی).

-بە هەموو مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان.

کە نەوەی دواڕۆژمانن

-بە هەموو مناڵانی جیهان.

# باخچەکەمان

باخچەکەمان ڕازاوە
پڕ لەگوڵ و لاولاوە

کوکوختی تیا دەخوێنێ
چۆلەکە دەجریوێنێ

چیمەنی سەوزی تیایە
شوێنی دانیشتن جیایە

جۆلانەی تیا دانراوە
کەپریشی بۆ کراوە

بەڕۆژ یاری تیا دەکەم
لەگەڵ پشیلەو تۆپەکەم

٢٠٠٣/٥/١٤



# وەرزی بەهار

وەرزی بەهار چەند خۆشە
دڵم زۆر بۆی پەرۆشە

ئێمەی مناڵ هەموومان
یاری دەکەین لەسەیران

ڕاکردن و پێشکەوتن
بەسەر دارا سەرکەوتن

پاشان تۆپ تۆپێن دەکەین
بۆ یەکتری هەڵئەدەین

دەیکەین بەهاوار هاوار
چەند خۆشە وەرزی بەهار

٢٠٠٣/٤/١



# جۆلانێ

ئەڕۆم جۆلانێ ئەکەم
گوژمی توندی لێدەدەم

پێی دەڕۆم بەئاسمانا
بەسەر هەموو جیهانا

خۆم دەکەم بەپاڵەوان
ئەچمە ناو ئەستێرەکان

پاشان دەگەڕێمەوە
چیم دی ئەیگێڕمەوە

دەچمە ناو هاوڕێکانم
هەر خۆمم پاڵەوانم

٢٠٠٣/٨/١٠


Najat

# باران

کاتێ باران دەبارێ
دڵخۆش دەبم بەجارێ


دەچمە بەری ڕادەکەم
چەتریشی بۆ هەڵدەدەم

باران خێرو خۆشییە
بۆ تێر بوونی زەوییە

هەور کە دەگرمێنێ
دڵم ڕادەچڵەکێنێ

بەجارێ ڕێژنەی باران
دێتەخوارێ لەئاسمان

٢٠٠٤/١٠/٥



# بەفر

زستانەو بەفرە بارێ
لەئاسمان دێتەخوارێ

کلۆ ، کلۆ وەک لۆکە
چەندە جوانە بەفرۆکە

کاتێ زەوی سپی کرد
ئەڕۆم زۆر بەدەست و برد

هاوڕێکانم بانگ ئەکەم
مژدەی بەفریان پێدەدەم

پاڵتۆی گەرم لەبەرما
ملپێچیش وا لەملما

دەستکێشی خوری نەرم
لەدەستی ئەکەم گەرم

بەفریش باری بەسەرما
ترسم نیە لەسەرما

٢٠٠٥/١/٧



# نەورۆز

نەورۆز نزیک بۆتەوە
دارم کۆ کردۆتەوە
یەکەم ڕۆژی بەهار هات
مناڵ کۆ دەبێتەوە

دارەکان هەموو دەبەین
ئاگرێکی خۆش ڕێک دەخەین
ئەیکەین بەچەپڵەلێدان
دڵی خۆمان خۆشدەکەین

سروودی نەورۆز ئەڵێین
هەموومان بەڵێن ئەدەین
هەتا دوا هەناسەمان
گشت ساڵێک یادی بکەین

٢٠١٤/٣/١



# نێرگز

نێرگز گوڵی بەهارە
لەگەڵ نەورۆزا دیارە

لەخاک سەردەرئەهێنێ
سپی و زەرد خۆی دەنوێنێ

کە هەور ئەگرمێنێ
خۆشی بۆ ژینی دێنێ

کاتێ باران دەبارێ
باڵا دەکات بەجارێ

دەشت و دەر ئەنەخشێنێ
مژدەی بەهار دەهێنێ

٢٠١٥/٢/٢٠



# سەیران

سمۆرەی چاوگەش و جوان
ڕۆژێ ئەڕۆی بۆ سەیران

ورچ و کەروێشکی بانگ کرد
وتی بڕۆن دەست و برد

خێرا خۆتان بگۆڕن
پاشان لەگەڵم وەرن

ئەمڕۆ ئەڕۆین بۆ سەیران
بۆ گەشتی ناو دارستان

لەوێ هەتا ئێوارە
هەرسێکمان لەو بنارە

کاتی خۆش بەسەردەبەین
خواردنی خۆش نۆش دەکەین

٢٠١٦/٥/٥



# مراوی

مراوی جوان مراوی
مەلەوانی ناو ئاوی

ناترسی لەئاوی زۆر
دەفڕی بەرەو تیشکی خۆر

مراوی جوان مراوی
چەند جوانی لەناو ئاوی

منیش ئەمەوێ وەک تۆ
مەلە بکەم لەسەرخۆ

بمە هاوڕێی ماسییەکان
یاری بکەم لەگەڵیان

٢٠١٣/٨/٣



# مریشکە سوور

مریشکە سوورە قرتە قرت
جوچکەکانی دوای خۆی خست

چینەی لەگەڵ دەکردن
گەنمی بۆ دەردەخستن

پشیلە ڕەشە لەوەلاوە
لەپەنا خۆی مات داوە

ویستی پەلاماریان یا
جوچکەیەکیان لێببا

مریشکە سوورە پێی زانی
هەڵمەتی برد بۆ گیانی

هەتا توانی ڕاوی نا
جوچکەی لەژێر باڵی نا

٢٠٠٩/٦/٢٠



# کەروێشك

کەروێشکە خرپن
وەرە بۆ لای من

باوەشت دەکەم
نەرم و نۆڵەکەم

چاو بنوقێنە
خۆت بخەوێنە

کاتێ کەهەستای
هەر لەباوەشمای

یاریت بۆ دەکەم
ئەی چاو ڕەشەکەم

٢٠١٢/٥/١٣



# کۆتری ئاشتی

من کۆتری سپیم
نیشانەی ئاشتیم

ئاشتی سەرکەوێ
شەڕ ژێر دەکەوێ

منیش هەڵدەدرێم
ئاسمان دەگەڕێم

ئاشتی دەهێنم
گەلان دەدوێنم

بژی ئازادی
بەخۆشی و شادی

٢٠١٣/١٠/٧



# پشە زەرد

رۆژێ لەگەڵ مناڵان
یاریم ئەکرد لەکۆڵان

یەک پشیلەی زەردم بینی
کز ببوو چاوی شینی

سەیرم کرد برسییەتی
بێهێز بووەو پەکیەتی

منیش گۆشتم بۆ هێنا
لەقاپێکا بۆم دانا

وردە وردە ئەمبینی
دەستی کرد بەخواردنی

پاشان هاتە باوەشم
خۆی هەڵئەسوو لە لەشم

وتی: من و تۆ هاورێین
پێکەوە یاری ئەکەین

ئیتر وەک تۆ هەمیشە
چاکە ئەکەم بە پیشە



# ورچە بۆر

سەیریکەن ورچە بۆرە
لەگەڵ ڕێوی و سمۆرە

یاری دەکات بەنۆرە
لەگەڵیان مەیلی زۆرە

سەیریکەن هەڵئەپەڕێ
بەناویاندا دەگەڕێ

توتکە سپیش ناوەڕێ
لەگەڵی بوو بەهاوڕێ

سەیریکەن چەندە جوانە
ورچە بۆرەی خەپانە

لەناویانا میوانە
شوانی لای بزنەکانە

٢٠١٤/١٠/١٥



# کوکوختی

دوو کوکوختی باڵ نەخشین
بەیەکەوە هەڵدەفڕین

دەیاندا لەشەقەی باڵ
بۆ ئاسمانی پڕ ساماڵ

ڕەنگیان قاوەیی کاڵ بوو
گەردنیان پڕ لەخاڵ بوو

هێلانەیان لەماڵان
لەبنمیچ و بەرهەیوان

بەیانیان دەگمێنن
بەدەنگی خۆش دەخوێنن

ئێسک سوک و نیانن
هاوڕێی گشت منداڵانن

٢٠١٤/٣/٤


نەجات

# کەو

کەوەکەمان زۆر جوانە
پەروەردەی کوردستانە

شان و ملی نەخشینە
قاچەکانی ڕەنگینە

بەیانیان دەقاسپێنێ
بەدەنگی خۆش دەخوێنێ

هەرکاتێ برسی ببێ
دان و ئاوی دەدەمێ

کەوەکەمان خرپنە
زۆریش هۆگری منە

٢٠٠٦/٦/٤



# چۆلەکە

دوو چۆلەکە بەجوک ، جوک
پوش هەڵدەگرن بەدەنوک

هێلانە دروست ئەکەن
هێلکەکانیان ڕێک دەخەن

پاش چەند ڕۆژ هەڵیدێنن
زەڕنەقوتە دەبینن

دەگەڕێن بۆ ئاو و دان
دەیهێنن بۆ بەچکەکان

هەتاکو گەورە ئەبن
وەکو خۆیان دەفڕن

ئاوایە ڕێبازی ژین
کۆڵنەدان و تێکۆشین

٢٠١٠/٤/٤



# پەڕەسێلکە

پەڕەسێلکە بەهاران
دێنەوە بۆ کوردستان

بەدەنگی خۆش دەخوێنن
مژدەی بەهار دەهێنن

پەڕەسێلکەی ئێسک سووک
قوڕ دەهێنن بەدەنووک

هێلانە پێک دەهێنن
هێلکەی تیا هەڵدەهێنن

تا بەهار بەڕێ دەکەن
بەچکەیان گەورە دەکەن

پەڕەسێلکەی ناسک و جوان
بەخێربێن بۆ کوردستان

٢٠٠٦/٤/١٠



# پشە سوور

بڕۆ، بڕۆ پشە سوور
بۆ هاتووی لەشوێنی دوور

چییە وا چاوت زیتە
ئەڵێی ئەمڕۆ برسیتە


نەچی بۆ کەناریەکەم
بڵێی وا نۆشی دەکەم

کەناریەکەم بەسودە
دەنگی خۆش و ئاسوودە

بەیانیان کەدەخوێنێ
لەخەو هەڵمدەستێنێ

ئەوە بسکیت و قاوە
بیخۆ و لاچۆ لەمناوە

٢٠١٠/٧/٨



# شاریی یاری

من و شەرمن و ئازاد
چووین بۆ یاریی چاڤی لاند

سواری کورسی بووین
بەرەو ئاسمانی شین چووین

دەستمان دا لەهەورەکان
لەمانگ و ئەستێرەکان

پاشان هاتینە خوارێ
گشت دابەزین بەجارێ

بەسواری تەلەفریک
گۆیژەشمان دی لەنزیک

ئەو خەڵکە خرۆشا بوو
دڵیان زۆر خۆش بوو هەموو

ئاوەدان بێت کوردستان
چەن خۆشە شارەکەمان


5
6
1
5
2
4
3

# یادی ڕاپەڕین

یادی ڕۆژی ڕاپەڕین
با هەموومان هەڵپەڕین

بۆ ئەو دەستکەوتە جوانە
هی گەورەو بچووکمانە

دوژمن لەخاک ڕاونرا
سەرکەوتن بەرپاکرا

کوردستان ڕازاوەیە
ئاڵامان شەکاوەیە

با هەموومان هەوڵدەین
ئازادی لەدەست نەدەین

وا یادی حەوتی سێیە
مژدەی ساڵێکی نوێیە

٢٠١٧/٣/١


یادی
راپەڕین

# ساڵی نوێ

ئەوا بابە نۆئێل هات
ئەیبەخشێ خۆشیو خەڵات

ئەزانم ساڵی نوێیە
دیاری زۆر جوانی پێیە

بوک و ئوتومبێلی جوان
ئەیاندات بە منداڵان

یەک یەک دابەشی دەکات
بۆلای منیش وا دەگات

دیارییەکەی لێوەردەگرم
لەلای خۆم هەڵی دەگرم

ساڵی نوێمان پیرۆزبێت
پڕ لەخۆشیو پڕ سۆز بێت

٢٠١٣/١٢/١



# هاوڕێی باش

هاوڕێی باش زۆر پێویستە
خاوەنی بیرو هەستە

لەکاتی تەنگانەدا
لەجێگای براو کەستە

کاتێک ئێشت پێی هەبێ
خێرا ئامادە ئەبێ

ئەوەی پێی ڕابسپێری
بۆت دەهێنێ دەستبەجێ

٢٠١٤/١١/١٥



# میوان

میوان زۆر خۆشەویستە
ڕێزگرتنیان پێویستە

کاتێ کەدێن بۆ لامان
سەیریان ئەکەین وەک خۆمان

پێکەنین و قسەی خۆش
هەرگیز ناکەین فەرامۆش

دائەنیشین تا درەنگ
بەقسەی خۆش وەک ئاهەنگ

شەوی خۆش بەسەر دەبەین
هەرگیز بێ ڕێزیان ناکەین

٢٠١٥/١/٧



# جەژنی دارو درەخت

با هەموومان سەرودار
ببەین بۆ قەراغی شار

چاڵیان بۆ هەڵبکەنین
داری بەردار بڕوێنین

خزمەتی باشیان بکەین
هەتا گەورەیان دەکەین

تێبکۆشین هەموومان
بۆ جوانی شارەکەمان

٢٠١٢/٥/١٠



# منالّی ژیرین

ئێمە منداڵی ژیرین
بەهەست و هۆش و بیرین

خوێندنگە جێ ناهێڵین
ئاواتمان بەدی دێنین

پاشەڕۆژ دیاری دەکەین
گەل و وڵات سەر دەخەین

بیرمان لای پێشکەوتنە
ژینمان بۆ سەرکەوتنە

ئێمەین منداڵی دوارۆژ
دیارین هەروەک تیشکی ڕۆژ

ئامانجمانە و هیوامان
پێشکەوتنی نیشتیمان

٢٠٠٩/٩/٢٠



# مناڵی کوردین

ئێمە مناڵی کوردین
ئازاو نەبەردو گورجین

هیوامان تێکۆشانە
سەربەرزی نیشتمانە

ناهێڵین دەستی زۆردار
بنمانکا پەست و خەمبار

چونکە خاکی کوردستان
شانازییە بۆ هەموان

٢٠١٠/٥/١٨



# ڕۆژی مناڵان

ئەمڕۆ من زۆر دڵخۆشم
بەرگی کوردی دەپۆشم

یادی ڕۆژی مناڵان
پیرۆزبێت لەهەموومان

لەخۆم و هاوڕێکانم
با هەر خۆشبێت ژیانم

بەدڵخۆشی و بەشادی
بۆ ڕۆژی پڕ ئازادی

سوپاس بۆ دایکو باوکان
کەئێمەیان پێگەیان

ئێمە نەوەی دواڕۆژین
بۆیە ئاوا دڵخۆشین

٢٠٠٩/٦/١



# ئاڵاکەمان

ئاڵاکەمان ڕازاوەیە
لەکوردستان شەکاوەیە

ئاڵاکەمان هەمەڕەنگە
بۆ بوونی کورد بۆتە بەڵگە

ڕەنگی سوور بۆ تێکۆشانە
ڕەنگی سەوزیش ئاوەدانە

ڕەنگی سپی کورد بێگەردە
گەلێکی ئازاو نەبەردە

تیشکی ڕۆژیش هەڵهاتووە
کاتی ئازادی هاتووە

کورد گەلێکی نەنووستووە
هەردەم سەربەستی ویستووە

٢٠٠٨/١٢/١٧



# بێچووە ئاسك

بێچووە ئاسکێکی جوانم
هاوڕێی گشت ئاژەڵانم

بەدەشتو کێوا دەڕۆم
تێر سەوزە گیای خۆش دەخۆم

کاتێ ڕاوکەر دەبینم
ڕادەکەم تا دوا تینم

گورگو پڵنگیش بۆمبێن
دەچمە بەرزترین شوێن

لەوێ خۆم دەشارمەوە
هەتاکو نەمدۆزنەوە

تا بمێنم لەژیان
گیاندارێکم بێزیان

٢٠١٣/٣/٢٧



# ڤیتامین

منداڵی چاو گەشی جوان
هاوین بێت یاخود زستان

سێوو پرتەقاڵ بخۆ
چونکە بەسوودە بۆ تۆ

ترشە یاخود شیرینە
هەمووی پڕ ڤیتامینە

لیمۆ ئا بەو ترشییە
پڕ لەڤیتامین سییە

هەنجیریش چەند شیرینە
سوودی وەکو هەنگوینە

میوە چەند جۆری هەیە
هەموویان سوودیان هەیە

٢٠١٤/٧/٦



# بووکە شووشە

بووکە شووشەکەم جوانە
ئێسک سووک خنجیلانە

ڕۆژ یاری لەگەڵ دەکەم
نان و چاشی پێ دەدەم

شەو لای خۆم دەیخەوێنم
وەک مناڵ دەیلاوێنم

لایە لایەی بۆ دەکەم
هەتا خەوی لێدەخەم

بەیانی زوو دەیگۆڕم
جل و بەرگی دەشۆرم

خۆشم دەوێ پڕ بەدڵ
جوانە هەر وەک پەڕەی گوڵ

٢٠١١/٧/٥



# کۆرپەکەمان

کۆرپەکەمان هەستاوە
خەویش بەری نەداوە

ساڵێکی تر پێ دەگرێ
لەناوماندا دەگەڕێ

خلە خل دەڕواتە دەر
ڕێی کۆڵان دەگرێتە بەر

پاش چەنساڵ گەورە دەبێ
ڕێی قوتابخانە دەگرێ

هیوای ژیانمان پێیەتی
دوارۆژ چاوەڕێیەتی

٢٠١٠/٩/٢٧



# منی مناڵ

جوانم وەک پەڕەی گوڵم
وەک بولبوولی سەر چڵم

پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگم
بەسوود هەر وەکو هەنگم

ئارەزووم سەربەستیە
بێدەنگیم لا پەستیە

حەزدەکەم منی مناڵ
بەرز بفڕم بەدوو باڵ

بەناو ئاسمانی شینا
بەسەر زەوی بەرینا

سەیری هەموو جیهان کەم
یەکسانی تیا بەدیکەم

مرۆڤ جیاوازی نەبێ
هەموو کەس مافی هەبێ



# خوێندنی نوێ

سەرەتای مانگی نۆیە
خوێندنی ساڵی نوێیە

دەرگای گشت خوێندنگەکان
کرانەوە بۆ هەمووان

هاتینەوە بۆ خوێندن
بۆ کۆشش و بۆ فێربوون

کتێبی باشمان پێیە
پڕ لەزانیاری نوێیە

مامۆستامان ڕابەرن
بۆ ئێمە تاجی سەرن

ڕێزیان لەسەر چاوانن
ڕۆشنکەری ژیانن

٢٠١٤/٩/١


قوتابخانەی بەمۆ

# گوڵی باخان

ڕۆزی گوڵی باخانە
دەڕوات بۆ قوتابخانە

حەزی لەپێشکەوتنە
هەوڵی بۆ سەرکەوتنە

ڕۆزی گوڵی بەهارە
وا لەناو پۆلا دیارە

ئەمساڵ لەپۆلی یەکە
ژیرو وریاو زیرەکە

مامۆستا خۆشی دەوێ
لەخوێندن دواناکەوێ

٢٠١٢/٩/٢٠


قوتابخانەی
زێوەر

# پێنوسەکەم

ئەگەر بێتو بینوسم
وشەکان بەپێنوسم

پیتەکان جوان ڕێک دەخەم
هەوڵیان زۆر لەگەڵ دەدەم

پیتی (وا) و پیتی (نە)
ئەوە دەبێت بەوانە

وانەی پۆلی یەک و دوو
ئاسانەو فێر دەبم زوو

وانەی پۆلی سێ و چوار
پێی دەبم بەخوێندەوار

وانەی پۆلی پێنج و شەش
دەمکا بەگوڵێکی گەش

٢٠١٠/٣/١


و ا ن ە ١ ٢ گ چ ش م
ڕ ی ۆ ک ن د س ٣ ٤ ٥ ٦

# باخچەی ئەستێرە

من لەباخچەی ئەستێرەم
لەکاتژمێر هەشت لێرەم

کاتێ دەچمە پۆلەکەم
ڕۆژباش لەدادە دەکەم

دەچمە ناو مناڵەکان
دادەنیشم لەگەڵیان

یاریان لەگەڵ دەکەم
کاتی خۆش بەسەر دەبەم

تا وانە تەواو دەبێ
ئارەزووم بەسەر دەچێ

بۆ ماڵ دەگەڕێمەوە
بەدایە شاد دەبمەوە

٢٠١١/١٠/١


باخچەی ساوایانی
ئەستێرە
ÜLAai

# کارتەکەم

دایــــە بـابــە هــا کــارتــەکــەم
خــۆمــم نــایــابــی پــۆلــەکــەم

ســەیــری وانــەکــانــم بـکـەن
لــەنــمــرەکــان ســەرنــج بــدەن

ئــەزانــم گــشــتــیــان تــــەواون
یــــەک یــــەک نــایــابــم هــێــنــاون

مــامــۆســتــاکــان زۆر لــێــم ڕازیــن
هــەمــوویــان جــێــگــای شــانــازیــن

قــوتــابــی ژیــر ئــەیــێ وا بــێــت
لــەخــوێــنــدنــا زۆر وریــــا بــێــت

٢٠٠٧/٧/١


قوتابخانەی
نایاب
ئایین
کوردی
بیرکاری
زانست
هونەر
مەدەنی
١٠
نایاب

# شیر

بەیانیان من شیر دەخۆم
چونکە زۆر بەسوودە بۆم

دکتۆرەکەشم وتی
باشە بۆ تەندروستی

سودی هەیە بۆ ددان
بۆ لەشساغی بەیانیان

بۆیە بەقسەی دەکەم
بەیانیان خۆم رێک دەخەم

ئینجا کوپێ شیر دەخۆم
بۆ قوتابخانە دەڕۆم

٢٠١٠/١٠/٥


Najat



# بەهار

ئەوا بەهار هاتەوە
زەوی ئەبوژێتەوە
درەختیش چرۆ دەکا
گژوگیا ئەژێتەوە


شوانان لەدامێنی چیا
گۆرانی ئەڵێن بەجیا
شمشاڵی بۆ لێدەدەن
هەڵدەپەڕن لەخۆشیا

باعە باعی کارژۆڵە
ڕاکردنی بەرخۆلە
بەدوای دایکیانا دەڕۆن
نەرمو نۆڵ و بچکۆلە

مامەی شوانیش لەولاوە
بلوێری لەدەم ناوە
بەرخ دەلەوەڕێنێ
هەمووی چواردەوریان داوە

چەند خۆشە وەرزی بەهار
چیا پڕ گوڵو گوڵزار
کوردستانمان ئاوابێ
نەک جارێ سەد هەزار جار

٢٠١٣/٤/١





# شوان

شوانێکی گورج و گوڵم
فێری ناودەشت و دۆڵم

پێش ئەوەی کە خۆر هەڵبێ
من ئامادەم لەناو دێ

کارو بەرخ پێش دەخەم
ورد ورد بەڕێیان دەکەم

گشتیان دەبەم بۆ لەوەڕ
بۆ سەوزە گیای جوان و تەڕ

کاتێ خۆر ئاوا دەبێ
دەگەڕێمەوە ناو دێ

ئینجا پشوویەک دەدەم
مناڵ گشتی بانگ دەکەم

ئەیکەین بەیاری کردن
تۆپ تۆپێن و ڕاکردن

تا کاتی نان خواردن دێ
پاشان مانگە شەو هەڵدێ

دیسان کۆ دەبینەوە
یاری تر دەکەینەوە

٢٠١٣/٨/٥





# فڕۆکە

فڕۆکەیەک لەئاسمان
دەهات دەچوو بێوچان

پاش کەمێک نزم بۆوە
وردە وردە نیشتەوە

منیش خەیاڵم دەکرد
ئەو ڕۆژەی کەباوکمم برد

ئۆتومبێلم لێخوڕی
کارتی گەشتم بۆ بڕی

ئەویش ڕۆی بۆ کەنەدا
ئینجا هات بەبیرمدا

بڵێی باوکم بێتەوە ؟
تا بەدوایا بچمەوە !

* * *

لەزەنگی دەرگا درا
باوکم خۆی کرد بەژوورا

وتی: ئازاد بڕوانە
ئا ئەم فڕۆکە جوانە

بەدیاری بۆم هێناوی
بۆ خۆت بچۆرە ناوی

هەڵفڕە بەئاسمانا
گەشت بکە بەجیهانا

کاتێ سەرم هەڵبڕی
کۆترێک بەلاما فڕی

وتی: ئازاد وریا بە
خەیاڵ لەسەرتا لابە

٢٠١٤/٤/٢٤





# خەوبینین

من و مانگ و ئەستێرە
ئێمە هەرسێکمان لێرە

پێکەوە یاریی دەکەین
شەوی خۆش بەسەر دەبەین

مانگ خۆی دەشارێتەوە
دیسان دەگەڕێتەوە

ئەستێرەش هەمان شێوە
ئەڵێ من لەگەڵ ئێوە

حەزم زۆر لەیارییە
قینم لەبێزارییە

منیش تێر پێدەکەنم
کاتێک ئەوان دەبینم

چاوشارکێم لەگەڵ دەکەن
هەوڵیشم لەگەڵ دەدەن

منیش چاوی خۆم بگرم
هەتا ئەوان نەبینم

کاتێک چاوم کردەوە
سەیرم کرد ڕۆژ بۆتەوە

ئینجا تێر تێر پێکەنیم
ئەوە خەو بوو من بینیم

٢٠١٤/٨/١





# دوو خوشك

دوو خوشکی بچکۆلانە
وان لەسەر دوو جۆلانە

بۆ خۆیان یاری دەکەن
گوژمی توندی لێئەدەن

دەستی یەکێکیان بەربوو
بەرەورووی هەورەکان چوو

هەورێک دەستی گرتەوە
ئەو لەسەری نیشتەوە

وتی: من تۆ ناناسم
لەتۆ بێدەنگ و باسم

هەورەکە تێر پێکەنی
وتی: تۆ من نابینی

من چەندە سپی و جوانم
دروستکەری بارانم

زەوی هەمووی ئاو ئەدەم
ئاوی ڕووباری زۆر دەکەم

کچەکەش بۆی پێکەنی
وتی: تۆ هاوڕێی منی

٢٠١٣/٨/٧





# خۆزگە

خۆزگە دەبووم بەکۆتر
دەفڕیم بۆ ناو دارستان
خۆم ئەکرد بەهاوڕێی گشت
ئاژەڵ و باڵندەکان

بەسەر پشتی فیلەوە
بەبێ دەنگ دەنیشتمەوە
لەوێوە هەڵدەفڕیم و
مەیمونێک دەیگرتمەوە

گورگ و ڕێویم بانگ دەکرد
یاریم لەگەڵ دەکردن
خۆمم ئەخستە باوەش
بەرخ و کارژۆڵەو بزن

بەسمۆرەشم ئەوت
گوێزی گەورەم بۆ بێنێ
دەمانکرد بەهەڵماتێن
یاری بوو لەگشت شوێنێ

ئینجا لەگەڵ باڵداران
دماندا لەشەقەی باڵ
هەڵدەفڕین بەئاسمانا
بۆ ناو هەوری پڕ خەیاڵ

پاشان دەهاتمەوە ماڵ
تا کەس و کار بزانێ
بۆ ئەوەی جارێکی تر
بچمەوە دارستانێ

٢٠١١/١١/١٢





# ئۆپەرێتی

# گوڵ و هەنگ و پەپوولە

## گوڵ

گوڵی بۆنخۆش و جوانم
ڕازاوەم لەباخچەکەم
هەرکەسێ بۆنم بکا
گوڵاو پڕژێنی دەکەم

منم دەبرێم بۆ دیاری
لەلادێ بێ یا لەشار
جوانی من ڕەنگاوڕەنگە
هەڵم دەگرن بۆ یادگار

## هەنگ

سوپاس بۆ بۆنخۆشییەکەت
گوڵی ڕەنگاوڕەنگی جوان
کاتێک شیلەت دەمژم
هەڵئەفڕم بۆ ئاسمان

دەچمەوە بۆ ناو پورە
شانەی لێدروست دەکەم
بۆن و هەڵاڵەکەی تۆ
دەبێت بەهەنگوینەکەم

## پەپوولە

منیش سوپاست دەکەم
ئەی گوڵی بۆنخۆشی جوان
کاتێ وەرزی بەهار دێ
لەلای تۆ دەبمە میوان

من و هەنگە زەردەی جوان
شیلەو گوڵاو دەمژین
لەم چڵ دەفڕین بۆ ئەو چڵ
تۆوی گوڵان دەڕێژین

## گوڵو هەنگ و پەپوولە

واتە ئێمە هەرسێکمان
بەسوودین لەم ژیانە
شیلەو گوڵاو دەبەخشین
جوانیشمان بۆ هەموانە

٢٠١٤/٤/٥



# چیرۆکە شیعر

## فیڵی ڕێوی

مریشک و جوچکەکانی
دانیان ئەخوارد بەجوانی

کەڵەشێریش دەیقوقان
ئەیوت هاتم بۆ لاتان

ڕێوی فێڵباز لەولاوە
ورد ، ورد هات لەپەناوە

نزیک بووە بۆ لایان
کەڕو لاڵ و هیچ نەزان

مریشک سەری هەڵبڕی
بەگارەگار تێی خوڕی

هێی هێی ڕێویە گەڕ
بۆچی خۆت کردووە بەکەڕ

سەرت ئاوا پێچاوە
هۆشت لای خۆت نەماوە

ڕێوی بەفێڵیزانی خۆی
کەوتە قسەکردن بۆی

چیبێ لەتۆ نهێنی
ئێستا ئاوا ئەمبینی

دانەکانم دەئێشان
هەموویانم هەڵکێشان

دەست و پەنجەم شکاوە
نینۆکم هیچ نەماوە

داوای هێلکەم لێدەکەن
بیبەم بۆ لای مام حەسەن

دەستم بۆ بگرێتەوە
بەڵکو چاک ببێتەوە

کەهێوری کردنەوە
چووە نزیکیانەوە

ئینجا پەلاماری دان
هەموویانی هەڵفڕان

هیچیانی بۆ نەگیرا
یەک، یەک بۆی دەرچوون خێرا

کەڵەشێر هەڵمەتی دا
پەنجەی کرد بەچاوی دا

ڕێویەکە لەتاوانا
هەڵپەڕی بەئاسمانا

وتی فێڵی ئەم جارەم
سەری نەگرت بێچارەم

وابزانم چاوم کوێر بوو
وای لەدەست کاری بەد خوو

هەرچی کاتێک فێڵ بکەیت
بەسزای خۆت هەر دەگەیت

٢٠٠٨/٤/٧





# چیرۆکە شیعر

## دوو پشك و مێرووله

ڕۆژێ دووپشکێکی زەرد
ئەڕۆی لەدەشت و لەهەرد

ورد ورد بەدوایا ڕۆشتم
لەدڵی خۆشما وتم

ئەمە ڕێگەی بۆ کوێ بێ
ئاخۆ زیانی بۆ کێ بێ

ئینجا کە تێبینیم کرد
چووە سەر شارێک ورد ، ورد

*** *** ***

شارە بەپێچ و دەورە
پڕ لەمێرووڵەی گەورە

نەوە دوای نەوە هاتوون
بەشاژن و بەخاتوون

بەئیش کەرو بەگەورە
ماونەتەوە لەو دەورە

بەڕەنجی شانی خۆیان
بەهەوڵ و هاتووچۆیان

لەهاویندا بێ کۆڵدان
ڕەنجیان دەدا بۆ زستان

هەموویان بە یەکسانی
بەشیان ئەکرد بەجوانی

بەیەک دەنگو بەشادی
ئەیانوت بەئازادی

ئێمەی هەزارو بێزیان
زیانمان نیە بۆ ژیان

هەر بەیەکسانی خۆمان
ئەژین لەشارەکەمان

ئەگەر بێتو زۆرداران
ژیان تێک بدەن لێمان

ئێمەش گیان فیدا ئەکەین
بەرگری خۆمان ئەکەین

*** *** ***

پاشان کە دووپشکەکە
ڕۆیشتە سەر شارەکە

مێروولە لەچوارلاوە
هاتنەدەر لەپەناوە

بۆ بەرگری لەخۆیان
بەیەکداچوون هەموویان

چواردەوری دووپشکیان دا
پاشان پەلاماریان دا

بەهەموویان دەریان کرد
شارەکەیان ڕزگار کرد

*** *** ***

مناڵە چاوگەشەکان
ئەمەش پەندێکە بۆتان

کاتێ ئێوەش گەورەبوون
دوارۆژتان هەر گەش و ڕوون

وەک مرۆڤێکی مەزن
نیشتمان بپارێزن

٢٠١٤/٨/١٠





# چیرۆکە شیعر

## مام ئەحمەدو
## بەفری زستان

ڕۆژێ مام ئەحمەد لەماڵ
دانیشتبوو دەست بەتاڵ

بەفرێکی زۆر ئەباری
لەناوچەی کوردەواری

مام ئەحمەدیش بێخەم بوو
کەمێکیش کەمتەرخەم بوو

بەڵام گشت دراوسێکان
دوو سێ جار چوونە سەربان

بەهاوکاری و قسەی خۆش
بەفریان ئەماڵی خۆش خۆش

مام ئەحمەدیان تێگەیان
بۆچی نایەی بۆ سەربان

هاوکاری ئێمە بکەی
لەگەڵمان بەفر لابەی

مام ئەحمەد گوێی پێنەدان
وتی: هەر دێم بۆ لاتان

با بەفرەکە تەواو بێ
ئەوکاتە نۆرەی من دێ

*** *** ***

لەبەردەم زۆپای گەرما
لەناو پێخەفی نەرما

خەیاڵی ئەکردەوە
خەوی خۆش ئەیبردەوە

کاتێ بەفر خۆشی کرد
هەستا بەفر ماڵی برد

هەموو هێزی بەخۆی دا
ویستی بەفرەکە لادا

بەفری هیچ پێ لا نەچوو
لەهەڵەی خۆی پاشگەز بوو

هانای بۆ دراوسێ برد
یەک یەک هەموویانی بانگ کرد

وتی: من شەرمەزارم
چونکە زۆر چەوتەکارم

ئەبێ یارمەتیم بدەن
لەگەڵما بەفر لابەن

*** *** ***

ئینجا دراوسێکانی
بەفر ماڵیان بۆ هانی

هەریەکە لەئاستی خۆی
بەفرەکەیان لابرد بۆی

پاشان سوپاسی کردن
کەپشت بەیەک ببەستن

مام ئەحمەد وتی: بەخۆی
کاری ئەمڕۆ مەخە سبەی

پەندی پێشینان راستن
هەمووی ماناو مەبەستن

٢٠١٣/١١/٥

**تێبینی:**

شیعری مام ئەحمەدو بەفری زستان لەچیرۆکی مامۆستا عەلی رەشید بەرزنجی وەرگیراوەو، منیش لەسەر پرسی خۆی هەر بەو ناوەوە کردم بەهۆنراوە.




N.A.SH